
# هەواڵی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بە ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان، 2014

## ڕێژەی چالاکبوون لە ڕووی ئابوورییەوە لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 39.25%

بە پێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کار لە ساڵی 2014، 39.25% ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە چالاکن. بەشداریکردن لە هێزی کار، یاخود چالاك، 13.13% تۆمار کراوە بۆ ڕەگەزی مێ کە ئەمەش بە ڕێژەیەکی نزم ئەژمار دەکرێت لە کاتێکدا کە ئەم ڕێژەیە لە نێو پیاوان دا 65.91% بووە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ڕێژەی چالاك بوونی ئابووری لە پارێزگای سلێمانی بەرزترین ئاستی هەبووە (41.89%) و دوای ئەویش پارێزگاکانی هەولێر (39.57%) و دهۆك (34.67%) بە پلەی دووەم و سێیەم دێن.

چارتی 1: ڕێژەی سەدیی بەشداریکردن لە هێزی کار بە پێی ڕەگەز و گروپی تەمەنی دیاریکراو - 2014





## بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014 ڕێژەی 6.53% ی تۆمار کردووە

ئەو ئەنجامانەی لە ڕووپێوەکەدا دەست کەوتوون دەردەخەن کە بێکاری لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی 6.53% ی تۆمار کردووە. ئەم ڕێژەیە، بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی بێکاری لە ساڵی 2013 کە بریتی بووە لە 6.50%، سەرەڕای هەبونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان، هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بە خۆیەوە نەبینیوە. یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی نەبوونی جیاوازی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قەیرانەکە لە ساڵی 2014 سەری هەڵداوە و ڕەنگە ماوەیەکی پێویست بێت بۆ دەرکەوتنی ئەنجامەکانی قەیرانەکە. ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای دهۆك بەرزترین ئاستی تۆمار کردووە (8.0%) بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تر (سلێمانی 7.55% و هەولێر 4.56%). لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی، بێکاری لە نێو ڕەگەزی نێر 3.87% و لە نێو ڕەگەزی مێ 19.63% بووە.

## زیاتر لە نیوەی کەسانی کارکەر لە کەرتی حکومی کاردەکەن

بە پێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کار لە ساڵی 2014، 50.46% کەسانی کارکەر لە کەرتی حکومی دا کار دەکەن. ئەم ڕێژەیە لە نێو ڕەگەزی مێ ئاستێکی زۆر بەرزی هەیە بە شێوەیەك ناهاوسەنگی لە نێوان ڕەگەزەکاندا بە ڕوونی دەردەخات. زیاتر لە 79% کەسانی کارکەر لە ڕەگەزی مێ لە کەرتی حکومیدا کاردەکەن لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە نێو ڕەگەزی نێر تەنها 45.54% پیشان دەدات.

چارتی 2: دابەشبوونی کەسانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتر بە پێی کەرتی کار - 2014



**کارکەری نیوەچڵ 1.15% کەسانی چالاك پێکدەهێنێت**

بابەتی کارکەری نیوەچڵ، واتە ئەو کارکەرانەی کۆی کاتژمێرەکانی کارکردنی هەفتانەیان کەمترە لە ستاندەری نێودەوڵەتی کە بریتییە لە 35 کاتژمێر، یەکێکە لە نیشاندەرەکانی هەڵسەنگاندنی دۆخی کار لە نێو کۆمەڵگاکاندا. لە هەرێمی کوردستان، 1.15% کەسانی کارکەر، کارکەری نیوەچڵین. واتە کەمتر لە 35 کاتژمێر لە یەك هەفتەدا کاردەکەن. ئەم نیشاندەرە لە نێو رەگەزی نێر رێژەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاترە (1.28%) بە بەراورد لەگەڵ رەگەزی مێ (0.54%).

**بەشداریکردن لە کەرتی کشتوکاڵ، دارستان و راوەماسی**

بەشداریکردن لە کەرتی کشتوکاڵ، دارستان و بەخێو کردن و راوەماسی تەنها نزیکەی 8% ی کۆی کەسانی کارکەر لە هەرێمی کوردستان پێك دەهێنێت. ئەم نیشاندەرە، لە پارێزگای سلێمانی بەرزترین ئاستی هەیە (7.23%) لە نێو پارێزگاکانی هەرێمدا و دوای ئەو پارێزگاکانی هەولێر (5.33%) و دهۆك (3.68%) دێن.

**داهاتی مانگانەی زیاتر لە 75% ی کەسانی کارکەر کەمترە لە یەك ملیون دینار**

بە پێی ئەنجامەکانی رووپێوەکە، 75.6% ی کەسانی کارکەر لە گشت کەرتەکان لە هەرێمی کوردستان داهاتی مانگانەیان کەمترە لە یەك ملیون دینار. ئەم نیشاندەرە لە کەرتی حکومی بریتییە لە 70% و لە کەرتی تایبەتیش بریتییە لە 81.42% کە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوانیاندا دەبیندرێت.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
هەولێر، هەرێمی کوردستان
تەلەفۆن: 00964662559170
ئیمێل: contact@krso.gov.krd
ماڵپەڕ: www.krso.gov.krd
زنجیرە 41